# جیهان بە گۆڕەپانی جەنگەکانییەوە


**Birgitta Trotzig**
**بیرگیتا ترۆتزیگ**
**(١٩٢٩ - ٢٠١١)**


**نووسـەر و ڕەخنەگـر بوو. لەنێـوان سـاڵی ١٩٩٣ - ٢٠١١ ئەندامی ئەکادیمیای سویدی بوو.**

**لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی**
**(سوید)**



**جیهان بە گۆڕەپانی جەنگەکانییەوە**

جیهـان بە گـۆڕەپانی جەنگەکانییـەوە. ڕۆژێک ڕووناک دەبێـتـەوە. کـازیوەی سـارد بەسـەر لاپاڵەکـانی چیـای جەستەی کوژراوەوە. ئێستـا تێدەگەم کە ئەم وێنە ئارامە ئەندازەییـانەی پەلوپۆی کـوژراو خـەونی تایبـەتی ئەم سـەدەیەیە، تێگەیشـتنی تایبـەتیـەتی لە مـەرگ - سیستـمێکی ئارامـە، دیمەنی ڕۆژێکی نوێیە کە ڕۆژێکە بێ هیوایە.

چاوی منداڵە کوژراوەکە

بۆنی قەسابخانە

نەرمـۆکی مـرۆڤایەتی هەنجن هەنجن دەکرێ، دەبڕدرێ، دەهاڕدرێ

("ڤـوکـوڤـەر") ژنە ڕەشپـۆشـە زۆر سـەنگینەکـەی بەر دەروازە بێ وشـە بوو، دەم و زمـانـی نەیانتـوانی ئەوە دەربـبڕن چی بوو ئەو بەڕاستی بینیـبووی، هێشـتـا هەر دەیبینێ. ناکرێ

دیدە هەردەم نابینایەکە بگوترێ

دەسـتـێک، دەسـتـێکە وەک ڕوخسـارێکی بە مـۆر نیـشـانکراوە، هێـڵـەکـان قـووڵ بۆ خوارەوە هەڵکۆڵراون و نەخشکراون، هێـڵی ژیان، هێـڵی عـەشق، دوورگـەکـانی ئەسـتـێـرە، نەخش، خـواست، بە کـار هێنراو، بە کـەڵک نەماو، سواو، هەڵکڕاو هەڵچنراو، گەچراو، نەخشـەیەکی کـۆنی ناڕوونە، ئەسـتـێـرەی تاریک، ڕێگاوبانـی تاریـک، ڕێگـەی - بێ واتای کوێربووەوە.

- ئەم تارمـاییـەی بەر دەروازە ڕوخسـاری نییـە، ئەو لە چرپەیەک پێک هاتووە. دەسـتـە سـواڵکردە بەتاڵەکـە ڕوخسـارە. لێوەکـان شـارە وێرانکراوەکـە، ناوی قـڕکراوی ژنە زاوەکـان دەچرپێنێ کە ئیتر نـایانەوێ هەبن. (بەهاری

۹۲، له ڤیەننا لەبەر دەروازەیەک چرپەی سواوی خوراو - ("ڤوکوڤەر")

## سەفەد

له ئیسرائیل
ڕوخسارێک:
جەستەی گەورەی کارمێل و خەرەندی قووڵ، شوێنەواری خۆڵەمێشی، تیژی کریستاڵی، ئەو دەمەی زەوی تەواو زەوییە، زۆر ڕەقترە، سەختترە

شتێکی تر:
تاشەبەرد، بەردی درەوشاوەیە

له سەفەد کەنیشتەی ئیسپانی ڕەنگی شینی ئاسمانییە
سەفەد، شارێکی سەر چیایەکە، ئەستەمە له بەردی چیاکە جودا بکرێتەوە، ئاسەواری زۆر بچووک، بناغەی کەم. (له بنی بنەوەی قووڵایی ڕوحدا شارێکی وێرانکراوە، نەخشەی ئاسەوارە.) سەفەد، چەند شوورەیەکی وشکی بێ ڕەنگ، چەند خانوویەکی وەک ئەشکەوت، چەند کەنیشتەیەکی زۆر کۆن، هەمووی ڕووخاو و داتەپیوە. کەلاوەیە، وێرانەیە. لەنێوان شوورەکاندا وەک جۆرێک ڕێپیشاندەر، یان پاسەوان ژنە جووە بەرلینییە سەرگەردان و هیستێرابووەکە، ئەکتەری دێرین، سپی ماکیاژکراو، لێو سووری تۆخی لێبووکی، به قیژەقیژ، ڕوخسار هاوارکردووی ناشیرین هەیە. لەو بەری مەلاشووی ڕەشەوە

دەنگی هەوڵی لەرینەوەی قووڵایی ئەوک، دەنگ دێتەدەر، دەپەیڤێ، دەلوورێنێ، له دەنگەکانی ڕابوردووەوە دەگری. سەیری ناو تاریکییەکی زۆر گەورە دەکا. لەم بەری ئەم زەمەنەوە - سەرلەنوێ لەم بەر دەڕوێتەوە؟

لەسەر زەوی تاشەبەردێک هەڵدەگرێتەوە کە ڕەنگی بۆرەکی شینە و تۆز و گەردی شینی بریسکەداری پێوەیە، تۆزی شینی ئاسمانی کە نزیکەی بوونی نییە
سەفەدی شاری پیرۆز، نێزیکەی عەدەمێکە، له خەوندا خۆی پیشانی هەموو شارەکانی زەوی دەدا، پارچەکان بەدبەختیی بریسکاوەن، تۆز و خۆڵی پرشەنگدارن

### ئانا ئەخماتۆڤە،
### شیعری بێ پاڵەوان:

"- برژانگە ڕەشەکانی ئەنتینۆسیش
لەناکاو بەرز دەبنەوە - له دوورەوە دووکەڵی سەوز و
سروەبا زۆر ئاشناکەیش هەڵ دەکا.
دەریا؟"

دەریا کە مێژووی تێدایە بەسەر شار و ژیاندا دەکشێ و ئێمە ڕادەماڵێ. ڕووبارەکان شەو و ڕۆژ بەرەو دەریا له شار و پەرستگەکان ڕەت دەبن، بەڵام به شەوە - بەناو زۆنگاودا، به لای بورجی چرای دەریادا - دەڕژێن.
خۆشەویستی قەیسەر، ئەنتینۆسی لاوی خەڵکی کلاودیپۆلیس له بیتینیا گەڕا و لەناو ئاودا، لەناو نیل له نێزیک بیسە مەرگی دۆزییەوە. قەیسەر له نائومیدی خۆیدا به هەموو توانایەوە هەوڵی دا ونبووەکە له قووڵایی و بەرزاییدا بهێڵێتەوە: هیشووە ئەستێرەیەک به ناوی ئەوەوە ناونرا، لەسەر کەناری جێگەی خنکانی ئەودا شارێک دروست کرا، وێنەی ئەو له پەرستگەکان بۆ پەرستن له هەموو ئیمپراتۆری ڕۆمانیدا هەڵواسرا.
دەریا بەسەر ژیاندا، بەسەر مێژوودا دەکشێ، وێنەی ئەنتینۆس به قووڵکە بەتاڵکراوەکانەوەکانی چاوەوە.
سەردەمێک ڕوخساری له ئاو بینراوی ئەنتینۆس هەموو ئیمپراتۆری ڕۆمانی داپۆشیبوو. چاوی بەتاڵکراوی، دەمی بەتاڵی. هیشووە ئەستێرەی ئەو لەناو کاکێشاندا (به سیمبۆلی هەڵۆ، شەڕ و مەرگەوە نووساوە) نایەتە خوارەوە، ئێمە پەیوەستی ئەوین. جەستەی ئەو لەناو دەریای کەشکەشانەکانی فەلەکدا پەرشوبڵاو دەخولێتەوە.
Blake: “- why this curtain of flesh/) o’er the bed of our desire?”

### داستانی مەرگ. ڕ. م. ڕیلکە دێتە لانگێلاند

ڕیلکە له ماوەی سەفەری سێکەندێناڤیایدا له ساڵی ۱۹۰۹، له دوورگەی لانگێلاند سەردانی کۆشکی ستێنسگاردی کرد و لەوێ پۆرترێتی جەنگاوەرێکی

چاوەدەرهێنراوی سەدەی ١٧ سەرنجی ڕاکێشا، کە بوو بە سرووشێکی نووسینی ڕۆمانی یادداشتەکانی مالتێ لاوریدس بریگ.

لەوێ بە یەخەی ئەستووربەوە وەک کە لە وێنە ناڕوونەکاندا دەبینرێ دەڕوا، ڕوخساری پەڵەیەکی ڕەشی نزیکەی ونبووە، یەخەی ڕەق و سپییە بە دەوری ملییەوە – بەسەر دەریایەکی شین و سپی هەڵگەڕاوەوە، ئاوەکە وەک ئاوریشمی نەگەچراو، وەک کەتانی پاک دەجوولێ، وەک ناوەوەی گوێچکەماسییەکی شینی تۆخ و شینی ڕوونە، چاوێکی مەلەکردووە، ئاوەکە سڕ و ڕوون، گەلێک سوێر و بە ڕاز دەپرژێ، هەوا وەک دڵۆپێک خوێناوی ناو مرواری سازکارە، فەزای ڕوونی ئاو، تاریکی، سێڵاو و نهێنی دەشارێتەوە.
دوورگەکە لە ناوەڕاستی سپێنەی گوێچکەماسییە شینە درەوشاوەکەیە، خشڵێکی داکوتراوە، دارستانی گەنمڕەنگی پاییزیی تژی لە زایەڵەی وەک ناڵی ئەسپ و بۆڕەبۆڕی ئاسکی سەرەمەرگە.
پیاوە بە ڕوخسار تاریکەکەی سەر یەخەکە، گۆچان دەسک زیو، دەست و پێ بچووکی نەرم و ڕوون، ناو گوێ نەرم و جوانەکانی پڕن لە گرمەیەک کە بەسەر دەنگی هەموو دەریاکاندا، هەموو ئەسپەکان، دارستان و ئاسکەکاندا زاڵە، زەنگی مەرگە لە ئەوروپاوە دەردەچێ – هەتا چاوی گران و نزیکەی بۆرژاوی ئەو لە دواڕۆژ بڕ دەکا هەر بەرزتر دەبێتەوە، هەر بەرەوخوارەوە بۆ ناو چاڵاوی فریشتە دەڕوا، ئاوە وەک گوڵەئاوێشە ڕوونەکە تاڵە، چاو دەکاتەوە، ئەو بەردەوام لە زەنگەکەوە، لە دەنگەکان و دیمەنەکانی دەهاتن بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، ئەو خەونێکی مەحاڵ هەڵدەکۆڵێ: کە خاوەنی مەرگی خۆی بێ – کە خشڵێک، شیعرێک، لەناو دەستی بێ کە بە تەواوکراوی هەیبێ، وەک تابلۆی جەنگاوەرێکی جاری جاران هەیبێ.

خانووێک جێژوانی ڕوحانە.
شەمشەمەکوێرەی مردوو بەسەر پەیژەکانەوەیە، ئەو جلوبەرگی وێنە بە منداڵی خەون پێوە بینراوەکان دەپۆشی، قەڵغان و زرێ، ئێلەگ، دەستەوانەی ئاوریشم و یەخەبەند، ڕەش و درەوشاوەیە.

لەناو ئەم خانووە بێ دەنگەدا جەنگاوەرە چاو دەرهێنراوەکە، چاوە کوێرکراوەکە، حوکم دەکات، چاوە مردووەکە چی دەبینێ؟

(چەند وێنەیەکی شەڕێکی بالکان:
دارتێبڕاوەکان. کێڵگەیەکی خۆڵەمێشی بە چەندان ڕیزی شتێکی لە تۆپەڵی ناڕێک چوو، جۆرێک شێلمی زۆر گەورە، جەستەی بۆگەنکردووی بێ ئاگای هێشتا زیندووی ڕیز لەدوای ڕیز لە ئەستوون چەقێنراو، کێڵگەی مرۆڤە، پەیینی دواڕۆژە: لەمێژە دەمە ڕەش هەڵگەڕاوەکان بە کراوەیی لە دەوری ئەو هاوارەدا ڕەق بوونەتەوە کە بێجگە لە پەردەگوێی سەر ئاویلکەی خۆیان و هەستی ڕزباویاندا، لە هیچ شوێنێکی تر نابیسترێ)

کێ جلەوی مەرگ و هی گۆڕانی گرتووە؟
چاو جەنگ دەبینێ، داستانیش لەبارەی جەنگەوە دەبینێ. دەبینێ مەرگ بووە بە داستان – پیاوەکەی سەدەی بیستەم بە یەخەی تەنگ و ڕەقەوە چاوی لە چاوە ئەفسانەییەکە بڕیوە، دەستە بچووکە پاک ڕاگیراوەکانی بە دەمی یەکەوە دەنێ، ئەو کۆشکێکی تاریکی دەوێ کە لێدەگەڕێ ببێ بە سەدەفێکی بە وژەوژ، بەناو داڵانەکانەوە زەنگی جەنگ، زەنگی مەرگ، مۆسیقای کەڕەنا زایەڵە دەدەنەوە، ژیان بێ خەوش و دڵگیر بەدئاکارە، بەڵام فریشتەکە وا بەڕێگەوەیە، هیچ لەگەڵ ئەمەدا ناکرێ، کۆشکە دەم بە گۆڕانییەکە بۆ ئاسمان بەرز دەکرێتەوە و وەک سەدەفێکیش فڕێ دەدرێتە ناو قووڵایی دەریا، ناو چاڵاوی زانینەوە.

**(پاژنەدەرگە، سنوور، جیاوازی، دەرەوە، ژوورەوە)**
ئێستا پێوەستی نێوان هونەر و سروشت چییە؟ لەکوێ ئەو شوێنە خەیاڵییە دێتە ئارا کە نە ئەمیان و نە ئەویانە؟
ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن خود، مرۆڤ بە بێ ئەویش خۆی بەڕێوە دەبا.
سنوور، نهێنی پاژنەدەرگە. دەرەوە چییە، ژوورەوە چییە، دەرەوەی من چییە، ژوورەوەی من چییە؟
لەسەر پاژنەدەرگە. نە ئەم بەرە، نە ئەو بەر.
ڕێک لە جوولانەوەی سەر پاژنەدەرگەدا، تارای

ڕووناکی، بینایی ساختەی "من" دەپچڕێ. ئەودەم جیهان ڕووت دەبێ، ڕووناکی دەپەیڤێ، بەرد هەناسە دەدا، چاو دەبێتە هەسارەیەکی ڕەش، ئێستا جیهان بینراوە، درەختەکان لە زەوییەوە، لەناو خۆڵی درەختی مردووەوە ڕەگەکان هەڵدەکێشن، قوڕ و ئاسەواری مرۆڤ سۆمای نابینایین، هەست و دەستەکانی تاریکین. هیشووە ئەستێرەکان لە قووڵایی ئاسماندا تەواوبوو و تەواونەبوو دەنووسنەوە.

نیشانەگر تیری خۆی دەهاوێژێ، کوشندەیە.

هەموو شتێک قسە بۆ هەموو شتێک دەکا، لەبەر ڕووناکی فەزادا، لەبەر ڕووناکی تاریکیدا. پەیامەکە خۆی ئاشکرا دەکا.

**پەراوێز و ڕوونکردنەوە:**

**ڤوکوڤەر/ Vukovar : شارێکی کرواتیایە. شەڕی ڤوکوڤەر، شەڕێکی ٨٧ ڕۆژی و گەمارۆدانی شارەکە بوو لە ئەیلوول – تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩١.**

**سەفەد/ Safed: شارێکی کۆن و پیرۆزە لە باکووری ئیسرائیل.**

**کارمێل/ Karmel: ڕیزێک شاخە لە باکووری ئیسرائیل**

**(شیعرێکی بێ پاڵەوان)، ناوی شیعرێکی ناوداری ئانا ئەخماتۆڤەیە. لەم پەخشانەشیعرەدا، برگیتا ترۆتزیگ وەک سەردێڕی شیعرەکە کردوویەتی بە: (شیعری بێ پاڵەوان).**

**دێڕە ئینگلیزییەکەی شیعری (ئانا ئەخماتۆڤە، شیعری بێ پاڵەوان:) دێڕە شیعرێکی (ویلیەم بلاک)ە، ١٧٥٧ – ١٨٢٧.**

**قەیسەری ڕۆمانی هەدریانۆس/ Hadrianus عاشقی (ئەنتینۆسی/ (Antinousی لاو و جوانکیلە بوو. ئەنتینۆس لە تەمەنی بیست ساڵی، لەناو ڕووباری (نیل)دا خنکا. قەیسەر لە پەرۆشی و خۆشەویستی ئەوەوە، شاری ئەنتینۆپۆلیس (بە عەرەبی: الشیخ عبادە)ی دروست کرد.**

**لانگێلاند/ Langeland: دوورگەیەکی بچووکی دانیمارکییە. کۆشکی ستێنسگارد لەوێیە.**


**سەرچاوە:**

**Birgitta Trotzig**
**Sammanhang, Material**
**Albert Bonniers Förlag 1996**

**Birgitta Trotzig**
**ANIMA prosadikter**
**BONNIERS 1982**